

ئا/ زیاد کەریم

## هەڵکەوت مستەفا:

# ئامانجی گرنگم ئەوەیە پیشەسازیی فیلم لەکوردستان دروست بێت

فیلمی کلاسیکۆ، دوایین فیلمی دەرهێنەری کورد (هەڵکەوت مستەفا)یە کە بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوبەی و هەنێ فیلم و فیلم هاوس بەرهەمهاتووە، لە هەورامان و هەریەك لە شارەکانی بەغدا و مەدرید وێنەی گیراوە، باس لە دوو گەنجی کورتەباڵا دەکات کە دەیانەوێت جوتێ کلاشی هەورامان بگەیەنن بە ئەستیرەی ناسراوی جیهان و یانەی ریاڵ مەدرید (کریستیانۆ رۆناڵدۆ)، لەرێگادا تووشی زۆر سەختی دەبن و گرفتیان بۆ دروست دەبێ، تا دەگەن بە رۆناڵدۆ، ستافێکی پرۆفیشناڵی فیلم کاری تێدا کردووە، خەڵاتی بینەری بەدەست هێناوە کەبە (ئۆسکاری نەرویج) ناسراوە، لەچەندین فیستیڤاڵیشدا خەڵاتی بەدەستهێناوە، سەرەتا لە نەرویج پیشاندرا، دواترلە دوبەی و ئەمریکا، پاشانیش لەهەولێر و سلێمانی. هەڵکەوت مستەفا پێش کلاسیکۆ فیلمی (دڵی سوور) ی بەرهەمهێناوە، لەم دیمانەیەشدا زانیاری زیاترمان لەسەر فیلمەکە پێ دەدات.



کەچوومە ناو یاریگای (کامپ نو) لە بەرشلۆنە، گوتم کاکە خەڵك ناهەق نییە، درامایەکی قووڵ، سەفەرێکی رۆحی ئێجگار گەورە، کە لەو دنیایە مێشکت هەڵدەکێشێ دەتبا بۆ دنیایەکی تر بۆ (٩٠) خولەك، فەزایەکی ئێجگار جوان.

لەگەڵ بەڕێوەبەری فاونێشنی ریاڵ مەدرید دانیشتم، هەر کە ناوی (میسی)م هێنا، دەم وچاویان دا بەیەکدا، لەوەوە کێشەی یەکەم دروست بوو

ڕێ بەخۆم نادەم فیلمێك لەسەر تۆ دروست بکەم، کە نەزانم تۆ کێی، باکگراوەندت چییە، بە نەشتەرگەری لەدایك بووی، یان سروشتی، ئەوانە لای من گرنگن

*** کلاسیکۆ لای تۆ چییە؟**

- کلاسیکۆ چیرۆکێکی هیوابەخشە،چیرۆکێکە زیاتر کۆمەشیاڵە، واتەکات تێیدا دێتەدی، فیلمێکە هەستێکی خۆشت دەداتێ، ئازایەتییەکت لا دروست دەکات، من پێم باش بوو فیلمێك دروست بکەین هیوابەخش بێت.

*** پێشتر ئەم فیلمە ناوی (ڤیزەی شنگن) بوو، بۆچی گۆڕا بە کلاسیکۆ؟**

- ڕاستییەکی بڕیارەکە هی من نەبوو، هی نووسەری فیلمەکە (ئەلنەش فاگرۆ) بوو کە کەسێکی نەرویجیە، فیلمەکە لەسەرەتایدا باسی دوو کورتەباڵا دەکات بۆ ئەوەی بگەن بە (رۆنالدۆ)، پێویستیشیان بەوەرگرتنی ڤیزەیە، کێشەی ڤیزە پانتاییەکی زۆری لە فیلمەکە داگیرکردووە، بەڵام دوای ئەوە مەسەلەی درامای نێوان (میسی و رۆناڵدۆ) و گەیاندنی کڵاشەکان وەرزش پانتاییەکی لەبری ڤیزە داگیرکرد، ئەوەبوو ناوی کلاسیکۆ هاتە ناو فیلمەکە، بیرم دێ یەکەمجار بە منیان وت من ڕازی نەبووم لەسەر گۆڕینی ناوەکە، بەڵام دواتر کلاسیکۆ هەموو دنیا دەیناسێ.

*** ڕەنگە ئەو کاتەی کە تۆش (ڤیزەی شنگن)ت کردە ناونیشانی فیلمەکەت، کلاسیکۆ لە کوردستان ئەوەندە رۆڵی نەبوویێ؟**

- نا، ئەو رۆڵەی نەبوو، من تا پێیان نەوتم کلاسیکۆ، نەمدەزانی کلاسیکۆ چییە؟ ئەو کاتە من سەیری تۆپ تۆپێنم نەدەکرد، کە بە من وترا باشیەکەی کلاسیکۆ ئەوەبوو کە زۆر نێودەوڵەتییە، یانی هەموو کەس دەزانێ کلاسیکۆ چییە، بەتایبەتی وەرزشوان و وەرزش دۆستان، بەڵام بۆمن جێی بایەخ نەبوو، تا پێیان وتم، وردە وردە رازی بووم، بەڵام ئێستا زۆرم پێخۆشە، کە ئەو ناوەیان هەڵبژارد.

*** تۆ دەڵێی حەزم بە تۆپی پێ نییەو سەیری ناکەم، ئەی چۆن دێی دوو یانەی ناوداری جیهانی (ریاڵ و بەرشلۆنە) دەکەیتە ململانێی سەرەکیی فیلمەکەت؟**

- من بە منداڵی زۆرم حەز لە وەرزش دەکرد، شەو و رۆژ یاریی تۆپ تۆپێنم دەکرد، دواتر بەهۆی سەفەرو شتی تر لە وەرزش دابڕام، من لە تەمەنی ١٤ ساڵی سەفەرم کرد بۆ دەرەوەی وڵات، گۆڕینی ژینگەی نیشتەجێبوون، کاریگەری هەبوو لەسەر ئارەزووەکانم، زۆری ویست تا رۆحم لەوێ خۆی ناسییەوە، لەو بەینەیا وەرزش رۆیی، هونەر هاتە ناویەوە، کە هونەر هات وەرزشم بیرچوویەوە، بەڵام من کەسێکم تائێستاش راهێنانی وەرزشی دەکەم، ئەوە بەلایەکی کە، بەڵام وەکو ئەوەی دابنیشم دووسەعات سەیری تۆپێن بکەم، نەمکردووە.

*** ئەی بیرۆکەی کلاسیکۆ چۆن دروست بوو؟**

- رۆژێك لەشاری هەولێر بووم لە شارۆچکەی (عەنکاوە) یاری کلاسیکۆ بوو، من نازانم کلاسیکۆ چییە و یاری کلاسیکۆیە، بەس ئەوەندە ئەزانم گوێم لە هاتوهاوارو تەقە بوو، هاتمە بەلەکۆنەکە، لەخوارەوە قەرەباڵغی بوو، وتم چییە وتیان ریاڵ مەدرید بردیەوە، منیش پێم سەیرە لە ئیسپانیا یاری دەکەن، لەهەولێر فەرتەنەیە، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمریکا دەچوو، کە چوومەوە نەرویج هەفتەیەك دوای ئەوە یاری گەڕانەوە بوو لە بەرشلۆنە، تکتی بەرشلۆنەم بڕی بە فڕۆکە چووم بۆ بەرشلۆنە، بەبێ هیچ شتێك و بیرکردنەوەیەك وەکو حەزێك، کەچوومە ناو یاریگای (کامپ نو) لە بەرشلۆنە، گوتم کاکە خەڵك ناهەق نییە، درامایەکی قووڵ، سەفەرێکی رۆحی ئێجگار گەورە، کە لەو دنیایە مێشکت هەڵدەکێشێ دەتبا بۆ دنیایەکی تر بۆ (٩٠) خولەك، فەزایەکی ئێجگار جوان.

*** لەوێوەبوویتە هاندەری ریاڵ مەدرید؟**

- نەبوومە هاندەری ریاڵ مەدید، لەوێ بڕیارم دا کە شتێك بکەم، ئینجا وردە وردە کلاسیکۆ و بیرۆکەکە دروست بوو، دوای ئەوە سیناریۆنووسمان بۆ دۆزییەوە، بەس من پێشبینی ئەوەم دەکرد کە شتێکی لێ دروست دەبێ، کلاسیکۆ ئێستا وا گەورە بووە، هەموو دنیا داوای دەکات.

*** ئایا لەبەر فیلمەکەتە دەیشاریتەوەو ناتەوێ خۆت دەرخەی کە هاندەری چ یانەیەکی لەم دوو یانە ئیسپانییە؟**

- نا، من ئێستا بووم بە هاندەری ریاڵ مەدرید، هاندەری سەرسەختی رۆناڵدۆ، نایشارمەوە، بۆچی بیشارمەوە.

*** لە فیلمەکە بڕیار بوو ئەو کڵاشانەی لەهەورامانەوە دەچێتە مەدرید، بۆ رۆنالدۆ و میسی بێت؟ کەچی تەنیا درا بە رۆناڵدۆ؟**

- بە راستگۆیی بڵێم، پێوەندی بە دوو شتەوە هەیە، یەکەمیان من پێش چوارساڵ یەکەم کۆبوونەوەم کە لەگەڵ بەڕێوەبەری فاونێشنی ریاڵ مەدرید دانیشتم، هەر کە ناوی (میسی)م هێنا، دەم وچاویان دا بەیەکدا، لەوەوە کێشەی یەکەم دروست بوو.

*** لەبەر هەرێمی کەتەلۆنیا؟**

- بەڵێ، زۆر بابەت هەبوو، تەنانەت مەسەلەی بازرگانی و بابەتی دابەشکردن و میدیا و زۆر شتی دیکە کە باوەڕناکەی کێشەکەیان چەند قووڵە، بابەتی دووەم، خەریکی کلاسیکۆی دووەمین، کە بیرۆکەیەك هەیە کە کلاسیکۆی دووەم بکەین.

***چ مەبەستێکت هەیە، لەدروستکردنی ئەو فیلمانە؟**

- من مەبەستمە سوپەر ستار لەناو کورددا دروست بێت، مەبەستمە بازرگانی فیلم دروست ببێ لەناو کوردا، ئامانجی گرنگ لای من ئەوەیە پیشەسازیی فیلم لەکوردستان دروست بێت، پیشەسازی راستەقینە ئەوەیە کە تۆ فیلم دروست بکەیت، سوپەر ستار دروست بکەیت، خەڵك بێ تکت بکڕێ، و بە پارەی ئەو فیلمە بتوانرێ فیلمێکی تر دروست بکرێت.

***هەڵبژاردنی هەردوو کارەکتەر (وریا و دانا ئەحمەد ) بۆ کورتەباڵا چۆن بوو؟**

- من لە بیرۆکەکە، کورتە باڵاکانم لە مێشك بوو، بەڵام ئەوەی کە وریا و دانا بن نا، ئەوەی کە چۆن ئەوانم دۆزییەوە، سەرەتا لەگەڵ کاك (عومەر)ی سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی سلێمانی قسەم کرد، وتم شتێکی وا هەیە، سەرەتا کورتەباڵاکانمان تێست کرد، تێستەکەش چی بوو، کە کورتەباڵاکە دەمانچەیەکی پێیە دەچێتە سەر بانقێك و پارەی بانقەکە دەدزێت، سەرۆك بانقەکە کێیە، شوان عەتۆفی ئەکتەرە، لە دووەم رۆژی تێستەکەدا کە وریا هاتە ژوورەوە، هەستم کرد ئەو کوڕە بە ڕاستی بە دەمانچەیەك هاتۆتە ژوورەوەو بۆ دزی هاتووە، باوەڕم پێکرد، داناش جوان رۆڵەکەی



بەجوانی بینی، سەرەتا من نەمزانی ئەوانە بران تا لەناو فۆرمەکە سەیری ناویانم کرد (وریا ئەحمەد- دانائەحمەد )،وتم ئای لەوە خۆ بران، ئەی بۆ لە فیلمەکە برا نەبن.

***یانی لەبیرۆکەی فیلمەکە ئەوانە برا نەبوون، بەڵام کە زانیت لە ژیانی ئاسایی بران، تۆش لەفیلمەکە کردنت بە برا؟**

- بەڵێ، لەوێ کردمن بە برا، دوای ئەوەش بەڕاستی ئەوان هاندەری هەردوو یانەبوون، وریا ریاڵی بوو، داناش بەرشە، لەسەر کلاسیکۆ و میسی و رۆناڵدۆش کێشەیان هەبوو، ئەوەش بەس نەبوو، من ساڵێك لەگەڵیان ژیام، چونکە من رێ بەخۆم نادەم فیلمێك لەسەر تۆ دروست بکەم، کە نەزانم تۆ کێی، باکگراوەندت چییە، بە نەشتەرگەری لەدایك بووی، یان سروشتی، ئەوانە لای من گرنگن.

*** هەموو ئەمانە دەپرسی بۆ فیلمێك؟**

- نەك دەپرسم، هەندێ شت هەیە دەبێ بیبینم، باوەڕ بە پرسین ناکەم، باوەڕ بەوە دەکەم کە لەگەڵت سەفەرێك بکەم، رۆحت بناسم، بزانم سنوورەکانی تۆ چییە، پێوەندیی ئاشقانەی تۆ چییە، دنیابینیی تۆ چییە، ئەگەر ئێستا یەکێك بە دەمانچەیەکەوە بێتە ژوورەوە و ئێمە رووت بکاتەوە، تۆ چۆن دەیبینی من چۆن دەیبینم، ئەوەیە لای من زەحمەتە.

*** چەند مانگ خەریکی لۆگۆی ریاڵ بوون تا لە کڵاشەکانی بدەن؟**

- ئەو کڵاشانە شێت بووین بەدەستیەوە تا دروست کرا.

*** چۆن؟**

- لۆگۆی ریاڵ نە دەچنرا، هەر کڵاش بوو دەیاندووری و دەگەیشتە لۆگۆکە و سەقەت دەبوو، شەش مانگ دوو کەس خەریکی ئەولۆگۆیە بوون، تا پێیان دروست کرا.

*** ئەی لۆگۆی بەرشلۆنە؟**

- کە لۆگۆی ریاڵ دروست کرا، ئەویش زانرا، من نەمدەویست بیخەنە سەری وچاپی بکەن، دەمویست بچنرێ، چنینەکە هەست دەکەی ئەمە ئۆرجیناڵە.

***چۆن رۆنالدۆتان بینی؟**

- ئەوە چیرۆکێکی زۆر درێژە، وام لێهاتبوو تاقەتم نەمابوو، حەوت جار چوومە مەدرید، ئێمە یەکەم جار رێککەوتبووین لەنیوەی وێنەگرتنەکە، کە چوومەوە، مەدرید گۆ ڕا بو و ، تەنیا یاری بۆ ریال دەکرد، کۆمپانیایەکی پورتوگالی مەنیجەری رۆناڵدۆی دەکرد، کۆمیتەیەك هەبوو لەناو ریاڵ مەدرید رەزامەندییان دەرنەدەبری، کەسم بینیوە لەناو ریاڵ پێی گوتم گەرچوویتە لای رۆناڵدۆ منیش بەرە لەگەڵ خۆت، خۆی لە ریاڵ کاردەکات دەڵێ من بەرە لەگەڵ خۆت، ئەی ئێمە دەبێ چی بکەین، لە کۆتاییدا کەسێکمان ناسی لە رێگەی نوێنەری حکومەت لە ئیسپانیاوە، ئەو دکتۆرێکی یانەی ریاڵ بوو، ناوی دکتۆر (لیتۆن) بوو، خێزانی ئەم دکتۆرە لەگەڵ سەرۆکی یانەی ریاڵ تێکەڵاوی خێزانییان هەیە، واتە ئەو کارەی ئێمە لە رێگەی خێزانی کرا، دوای دووساڵ زیاتر چاوەڕوانی مەوعدیان بۆ وەرگرتین، کە ١٩ی مانگ بەمنیان گوت ٢٣ی مانگ سەعات ٩:١٥ خولەکی بەیانی دەتوانن رۆناڵدۆ ببینن، من لە نەرویجم ئەوان لە کوردستان، ئەوانم ناردە ئەنقەرە، زۆر ماندووبوون تا ڤیزەی ئیسپانیایان پێدرا، وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا و نوێنەری حکومەت و چەندین کەسی تر لەخەت بوون، دوای وەرگرتنی ڤیزە، فڕۆکەی ئیسپانیا جێی هێشتن، کە ئاگاداریان کردمەوەوە، دەستم کرد بەگریان، گوتم خوایە دووساڵە خەریکم بۆ ناتەوی بیبینم، بە هەر حاڵ دوای ئەوە قسەمان لەگەڵ کچێك کرد لە یانەی ریاڵ بەناوی (بەربەڕە) گوتی چارەی دەکەین و رۆژنامەی بەناوبانگی ئیسپانی (مارکا ) لەسەری نووسی، بابەتەکە گەورە بوو، هەفتەیەکی نەبرد مەوعدەکەیان بۆ دانایینەوە لەهەمان کات، ئیتر کە بینیمان رۆناڵدۆ کەسێکی جیاوازتر بوو،لەوەی کەمن تەوەقوعم دەکرد.









# دیانا حەداد نهێنییەکی خۆی ئاشکرا کرد

خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی لوبنانی دیانا حەداد نهێنییەکی گەورەی دەبارەی ژیانی تایبەتی خۆی درکاند، کاتێك ڕایگەیاند کە کەسایەتییەکی ناسراوی عەرەبی خۆشەویستی خۆی بۆی ئاشکرا کردووەو بە فەرمی داوای لێکردووە کە ژیانی هاوسەریی لەگەڵ پێك بهێنێت و ئەمەی بە خانەوادەکەشی ڕاگەیاندووە.

دیانا لەو بارەیەوە زیاتر وتی: بەر لە مانگ و نیوێك کەسایەتییەکی عەرەبی کە ناسراوە و خاوەن پێگەیەکی بەهێزە داوای منی لە خانەوادەکەم کرد، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، من ئەو بابەتەم بە خەیاڵدا نەهاتووەو لە ئێستادا ئامادە نیم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بچمەوە نێو ژیانی هاوسەری، ئێستا تەنیا گرنگی بە پەروەردەکردنی کچەکەم دەدەم.

دیانا کە بە (برنسیسە) ناسراوە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (سیدتی) وتی: من لە ژیانی بێ پیاو ڕاهاتووم، کاتێکیش ئافرەت ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە ژیان بەسەر بەرێت، زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە پیاوێك بێتە نێو ژیانییەوە، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە پێشتر ئەزموونی هاوسەرییان هەبووە، ئێستا گرنگی بە ژیانی کچەکانم دەدەم و بە هەموو شتێکی دەزانم، ئێستاش ئەوان گەورە بوون و زەحمەتە بوونی پیاوێك لە ژیانماندا قبوڵ بکەن. بەڵام ئامادە نەبوو ناوی ئەو کەسایەتییە ئاشکرا بکات کە داوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی لێکردووە.

دەربارەی سیفاتی ئەو پیاوەش کە خۆشی دەوێ، دیانا وتی: جوانی ڕوخسار بۆ من زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خاوەن کەسایەتی بێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من پیاوی ڕەشتاڵەم لا پەسەندترە لە پیاوێکی سپی و مو زەرد.





## سوارا
## ڕێچکەی خۆی شکاند



# کیت
# هەمیشە برسیەتی

پێدەچێت کاتێك ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی کیت وینسلت برسی دەبێت، خۆی بۆ رانەگیرێت و پابەند نەبێت بە هیچ یاسا و ئەتەکێتی تایبەت بە خواردن، چونکە لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی نوێترین فیلمی خۆی وێنەگران چەند وێنەیەکی کیتیان گرت لەسەر شەقام خەریکی خواردن بوو.

کیت بەشێوەیەکی قێزەوەن و ناشیرین بە دەم رۆیشتنەوە لە یەکێك لە شەقامەکانی ویلایەتی نیۆیۆرك خەریکی خواردن بوو،لە وێنەکاندا دەرکەوت خەریکی خواردنی پارچەیەك گۆشتی تورکی برژاو بووەو دەمی کراوە بووە و بە ئاشکراش هەست بە زیادبوونی کێشی دەکرا.

فیلمە نوێیەکەی کیت لە دەرهێنانی وودی ئالن و ئەستێرەی هۆڵیۆد جاستین تیمبرلیك بەشداری تێدا دەکات کە رۆڵی پاسەوانێکی تایبەت دەبینێت لەسەر یەکێك لە کەنارەکەکانی نیۆیۆرك.



بەشێکی زۆر لە کچە ئەکتەرەکانی بۆڵیۆد بە کۆنسەرڤاتیز ناسراون بەوەی کە هەمیشە جلوبەرگی هیندی لە فیلمەکانیاندا زاڵە و بە دەگمەن نەبێ دووردەکەونەوە لە دەرکەوتنی بە بکینی و جلوبەرگی مەلەوانی، لەوانەش سوارا باسکار کە بە یەکێك لە ئەکتەرە شەرمنەکانی هۆڵیۆد ناسراوە، بەڵام پێدەچێت ئەویش بەنیاز بێت لە داهاتوودا ئەم رێچکەیە بشکێنێت.

بڕیار وایە سوارا باسکارا لە نوێترین فیلمی خۆیدا بە ناوی (Veerey Di Wedding) و لەم فیلمەدا بۆ یەکەم جار بە بیکینی دەردەکەوێت و لەم فیلمەدا سۆنام کاپۆر کە یەکێك لە نزیکترین هاورێکانی سوارایە و لە فیلمەکەدا بەشداری دەکات، خۆی و ریا کاپۆری خوشکی هەڵدەستن بە دیزاین کردنی ئەو جلوبەرگانەی کە لە فیلمەکەدا دەیپۆشێت.

بەپێی گۆڤاری (فیلم فیر)ی هیندی کاپۆر بەردەوام ئامۆژگاری باسکارا دەکات دەربارەی توانای جەستەیی و مەشقی تایبەت و سیستمی خواردنی تایبەت بۆ ئەوەی لەگەڵ سیناریۆی فیلمەکە و رۆڵەکەی بگونجێت.